# زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
## كۆلێژی ئەدەبیات
## بەشی فەلسەفە
## قۆناغی چوارەم
## فەلەسەفەی زانست
## مامۆستای بابەت:بەختیار كەریم

## عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

دەتوانین بەم شێوەیە جیاوازی نێوان دەیڤد هیوم، کارڵ پۆپەر، رودۆڵف کارناپ، و تۆماس کوون دیاری بکەین:

هیوم: زانست ئیندەکشنە و ناعەقڵانییە.
پۆپەر: زانست نائیندەکشنە و عەقڵانییە.
کارناپ: زانست ئیندەکشنە و عەقڵانییە.
کوون: زانست نائیندەکشنە و ناعەقڵانەییە.

# عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

لە ساڵانی ١٩٦٠ەکان ڕێبازە سەرەکییەکانی فەلسەفەی زانست تووشی کۆمەڵێک قەیرانی چارەسەرنەکراو بوون.
عەقڵانییەت و بابەتیبوونی زانستیی کەوتنە ژێرپرسیارەوە، بەتایبەتی پاش کتێبەکە بەناوبانگەکەی تۆماس کوون (Thomas Kuhn) بەناونیشانی (بونیادی شۆرشە زانسییەکان)

**The Structure of Scientific Revolutions**

## عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

کوون لەو بڕوایەدایە کە زانست نائیندەکتڤ و ناعەقڵانییە.

کوون بەم شێوەیە پێناسەی شۆڕشە زانستییەکان دەکات
لە هەندێک قۆناغدا، پێشکەوتنی زانست تووشی قەیران
دەبێت و پارادایمە باڵادەستەکان رەوایەتیان لەدەست دەدەن. لە
قۆناغی دواتردا، ئەم پارادایمە باڵادەستە، هەموو یان بەشێکی
رەتدەکرێتەوە و پارادایمێکی نوێ باڵادەست دەبێت.

# عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

**پرسیار:**

1. **بۆچی کوون چەمکی شۆڕش بەکاردەهێنێت؟**
2. **ئایا لێکچوون هەیە لەنێوان شۆڕشە زانستییەکان و شۆڕشە سیاسییەکان؟**

## عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

کوون بەپێچەوانەی پۆپەرەوە پێیوایە ئەوەی زانست پێشدەخات، کاری ئاسایی و رۆژانەی زانستکاران نییە، بەڵکو شۆڕشە زانستییەکانن.

زانستکاران پابەندن بەو پارادایمەی تێیدا پەروەدە دەبن و کاردەکەن، نەک وەک پۆپەر دەڵێت، هەمیشە لە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی تیۆرەکاندان، بە ئامانجی پێشکەوتنی زانست.

## عەقڵانیەت و شۆڕشە زانستییەکان

زانستیی ئاسایی، کارکردنە لەچوارچێوەی پارادایمەکاندا، هەندێک جار بەرگریکردنە لە تیۆرە باڵادەستەکان، تا ئەو کاتەی کەلێنەکان ئەوەندە گەورەن لە تیۆر و پارادایمەکاندا کە شایانی بەرگری لێکردن نەبن.

واتا، زانستکاران وەک مرۆڤی ئاسایی، پەروەردەی سیستمی دیاریکراو بیرکردنەوە و جیهانبینییە فێرکراوەکان دەبنە راستیی لای زانستکاران، کە زۆرجار شایانی بەرگری لێکردنن.

چی دەبینن لەم وێنەیەدا؟



# پێوانە-نەشیاویی
# (Incommensurability)

واتا دوو شت کە شایانی پێوانەکردن نەبن بەپێی پێوەر یان ستانداردێکی هاوبەش.

تۆماس کوون (1922 - 1996) و
پۆڵ فێرەباند (Paul Feyerabend) (1924-1994)

دەڵێن کاتێک تیۆرێکی زانستی نوێ جێگەی تیۆرێکی کۆن دەگرێتەوە، هیچ پێوەرێکی هاوبەش نییە بۆ بەراوردکردنیان، چونکە پێوەرێکی بێلایەن نییە بۆ هەڵسەنگاندنی بەها و دروستیی تیۆرییان.

## پێوانه-نەشیاویی
## (Incommensurability)

**پێوانه-نەشیاویی زمانەوانیی**
**(linguistic incommensurability)**

**تێگەیشتنی هەمەگیر (holistic) دەربارەی زمانی زانستیی، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زمانە بەکارهاتووەکان لەلایەن گروپە جیاوازەکانی زانستکارانەوە جیاواز و واتای جیاواز بەرهەمدەهێنن.**

**بۆ نموونە:**

**کات لە زانستی نیوتن و ئەینشتایندا دوو واتای جیاوازیان هەیە. چۆن بتوانین هەمان چەمک لە دوو تیۆری زانستیی دژیەکدا بپێوین؟**

## پێوانە-نەشیاویی
## (Incommensurability)

پێوانە-نەشیاویی میتۆدیی
(methodological incommensurability)

ستاندار و پێوەرەکان چین بۆ بڕیاردان لەسەر بەڵگەی باش، ئارگومێنتی باش؟

ئەمە دەوەستێتە سەر پارادایمی باڵادەست.

نموونە: بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی پەیوەندیی هۆیەکیی لە تیۆری (هێزی راکێشانی نیوتن)دا، سەخت دەبێت روونی بکەینەوە چۆن جوڵەی دوو شت لە یەک کاتدا بەڵام لە دوو شوێنی جیاواز و دوور لەیەکتر، روودەدات.

**پێوانە-نەشیاویی**

(Incommensurability)

**پێوانە-نەشیاویی میتۆدیی**

(methodological incommensurability)

**ئایا ئەمە گرفتی تیۆرەکەی نیوتنە؟ یان پێویستە دەستبەرداری شرۆڤەی هۆیەکیی ببین؟**